www.kurdistannet.org

KURDISTAN.TV

**بابەت:** وتاری سەرۆك بارزانیی لە تەلاری پەرلەمانی كوردستان 2002/03/25 لە دانیشتنی یەكەمی خولی یەكەمی ساڵی 11 .

---

بسم الله الرحمن الرحیم

خوشك و برایانی بەڕێز

خۆم بە بەختەوەر دەزانم، كە ئەو دەرفەتەمان بۆ رەخسا جارێكی تریش لە گەڵتان كۆببینەوە، بەبۆنەی كردنەوەی خولی یەكەمی ساڵی (11)هەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان.

هەقە بەم مانگە بڵێین مانگی كورد بە راستی، چونكە مانگی ئادار پڕە لە رووداوی دڵتەزێن و خۆش و ناخۆش، كە بەسەر گەلی كوردستاندا هاتووە. بەم بۆنەوە، من پیرۆزباییەكی گەرم لە گەلی كوردستان دەكەم، بەبۆنەی ئەو رووداوە خۆشانەی، كە بەسەریداهاتووە، لەهەمان كاتیشدا سەرەخۆشی ئاراستەی گەلی كوردستان دەكەم بەبۆنەی ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی كە ئەوانیش زۆرن .

ئێمە كە یادی رووداوە خۆشەكان دەكەینەوە بۆ ئەوەیە نەوەكانی ئایندە بزانن كە ئەو دەسكەوتانەی بەدەستهاتوون و بە رۆژی خۆش و رووداوی خۆشیان دەزانین، ئەمانەش لە ئەنجامی قوربانیەكی زۆر بووە، قوربانیدانێكی زۆر خەباتێكی زۆر، ئینجا ئەو دەسكەوتانە بەدەستهاتوون، دەبێ لە یادی نەكەن و، لە بیریان نەچێتەوە. رووداوە دڵتەزێنەكانیش كە یادیان دەكەینەوە، بۆ ئەوەیە كە بزانن چ غەدرێك و چ زوڵمێك لە گەلی كوردو گەلی كوردستان كراوە. ئەوەش نەك بە نیەتی ئەوەی گیانی تۆڵەسەندن قووڵ بكەین لەناو گەلی خۆمان، بەڵكو بۆ ئەوەیە هەمووومان پێكەوە هەوڵ بدەین جارێكی تر ئەو رووداوە دڵتەزێنانەو، ئەو زوڵم و زۆرداریە دووبارە نەبێتەوە.

www.kurdistannet.org

هەروەکو بەڕێزتان دەزانن ئەمرۆ بابەتی گرنگ لە دنیا مەسەلەی ئیرهابە و شەڕە؛ ئەو شەڕەی کە دروست بووە... ڕەنگە هەندێ ڕۆژنامەو لە هەندێ شوێن هەتا بە ناوی جەنگی سێیەمی جیهان ناوی دەبەن. هەموومان لە بیرمانە کە لە (11)ی سێپتەمبەری رابردوو چ ڕووداوێکی گەورە رویدا لە ئەمریکا. بێگومان دوای ئەو ڕووداوە زۆر شتی جیهان گۆڕا، ئەو ناوچەیەی، کە ئێمە تێیدا دەژین، یەکێکە لەو ناوچانەی کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ ڕووداوی گەورەی لێ ڕووبدات.

ئێمە سەربەرزین بە راستی لەوەی کە سجلی ئێمە زۆر پاك و خاوێنە، کە سەرەڕای ئەوەی زۆر ئیرهاب لە دژی ئێمە بە کار هات، زۆر غەدرێکی گەورە لە ئێمە کرا، بەلاّم ئێمە مەردانە لە مەیدان وەستاین و پەنامان نەبردە بەر هیچ کارێکی تیرۆریستی و ئەمرۆ ئێمە بەرهەمی ئەو هەڵوێستە پاك و خاوێنە دەبینین. لێرەشدا من بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بەوە بدەم، بەڕاستی هەمووی بۆ حیکمەتی بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە، کە ئەو نەیهێشت ئێمە تووشی هەڵەی وا ببین، ئەو مەبدەئی تەساموح و مەبدەئی برایەتی و هەتا خەبات و بەرگریش، دەبێ بەرگریەك بێ پڕ بێ لە ئەخلاق، ئەوەی لەناو ئێمە چەسپاند.

هەڵبەت، زۆر باسی ئەوە دەکرێ، کە ڕەنگە عێراق ئامانج بێ؛ لێی دەدرێ، لێی نادرێ؟ خۆی کەس ناتوانێ ئەو وەلاّمە بداتەوە، بەڕاستی تەنها ڕەنگە خاوەن بڕیارەکە خۆی نەبێ کە ئەمریکایە. ئەوەی بە ئێمەوە بەندە ئەوەیە کە لێی بدرێ یا لێی نەدرێ، پەیوەندیەکی زۆر هەیە بە چارەنووسی ئێمەوە، چ وەکو کورد چ وەکو عێراقیش. لای ئێمە زۆر ڕوون و ئاشکرایەو ڕەنگە باشیش بێ لێرەشدا دووبارەی بکەمەوە. ئێمە لەگەڵ هیچ هەنگاوێك یا بڕیارێك نین، کە بە زیانی گەلی عێراق تەواو ببێ. سەبارەت بە ئێمە زۆر گرنگە بزانین بەدیل چیە؟ ئایا موجەڕەد مەسەلە لێدانە، تەواو، یا لێدانەو بەدیل هەیەو بەرنامە هەیە؟ بەڕاستی ئەمە پرسیارێکی گەورەیەو تا ئێستاش بێ وەلاّمە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، ئەم ئەزموونە بپارێزین و ئەگەر بتوانین بەرەو پێشیشی ببەین.

چەند بتوانین ئێمە ئەم ئەزموونە بپارێزین، چەند لە دەستمان بێ، بەڕاستی هەمان هەڵوێستمان دەبێ بەرامبەر بە عێراقیش، ئەگەر ئێمە بتوانین میللەتی عێراقیش بپارێزین لە زەرەرو زیان. لە زەرەرو زیانی کەم بکەینەوە، دیسان ئێمە درێغی ناکەین و بە ئەرکی سەر شانی خۆمانی دەزانین. بەڵام لێرەدا پرسیار هەر ئەوە نییە، ئایا لە رژێم دەدرێ، ئێوە لەگەڵ ئەوەنە لێبدرێ یا لێنەدرێ؟ بەڕاستی پرسیارێکی وا کورت و بە نسبەتی ئێمەوە ئەمە هیچ وەڵامی نابێ. سەدەها پرسیاری تر هەیە لەسەر ئەم پرسیارە، وەڵاممان دەوێ ئینجا ئێمە بڕیاری خۆمان دەدەین. هەمووشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئایا وەزعی میللەتی ئێمە باشتر دەبێ، وەزعی عێراق باشتر دەبێ یا نا؟ هەڵبەت، ئەوەی کە باری میللەتی عێراق باشتر بکات، ئەم ئەزموونە بەرەوپێش ببات، باری میللەتی کوردستان باشتر بکات، ئێمە لەگەڵ ئەو هەنگاوە دەبین. ئەگەر خراپتری بکاو تووشی فەوزایەك و بەڵایەك ببین و نەزانین سەری لە کوێیەو بنی لە کوێیە، هەڵبەت مومکین نییە ئێمە خۆمان تێکەڵی شتەکی وا بکەین. لەبەر ئەوەی چونکە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چارەنووسسازە، ئێمە دەبێ راشکاوانە بین، ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە.

بەهەر چۆنێك بێ گەلی عێراق دەبێ بڕیاری خۆی بدات، دوور لە دەستێوەردانی دەرەوە. سەبارەت بە ئێمە وەکو کورد، وەکو کوردستانی، ئەم پەرلەمانە، کە تەعبیر لە ئیرادەی راستەقینەی گەلی کوردستان دەکات، بڕیاری خۆی داوە، کە چۆن چارەسەری کێشەی گەلی ئێمە دەکرێ، ئەویش بەشێوەی فیدراڵی، لەسەر بنەمای فیدراڵی.

ئێمە ئامادەین لەگەڵ ئەوانەی کە لاگیری ئەم چارەسەرییە دەکەن و ئەوانەی دژیشن دانیشین و گفتوگۆ بکەین. ئەگەر بەدیلی باشتر هەیە، فەرموو تەرحی بکەن. ئەگەر موجەڕەد هەر نابێ کورد هیچ مافێکیشی هەبێ ئەوە مەسەلەیەکی ترە. ئێستا زۆر جار لەملاو لەولا هەڕەشەمان لێ دەکەن، ئێوەش گوێتان لێیە، کە دەگوترێ (ئێمە قبوڵ ناکەین دەوڵەتی کوردی دابمەزرێ)

www.kurdistannet.org

ئێمە داوای دەوڵەتی کوردیمان نەکردووە، من لێرەش دەیڵێمەوە، ئێمە کە داوامان نەکردووە نەك لەبەر ئەوەی بە مافی خۆمانی نازانین، نەك لەبەر ئەوەی کە نامانەوێ، بەلاّم ئێمە بە واقیعی نازانین و هەلومەرجێکی وا هەیە، ئێمە ئەو دروشمە بەرز بکەینەوە رەنگە، مومکین نییە، ئێمە خۆمان ئەو هێزەمان نییە تەتبیقی بکەین و کەسیش پشتمان ناگرێ، رەنگە زیانی زیاتر بێ لە قازانجی بۆ گەلی خۆمان. لەبەر ئەوە ئێمە داوای دەوڵەتی کوردیمان نەکردووە. ئێمە داوای مافی کوردمان کردووە، ئەو مافە لە چارەسەرێکی فیدراڵی دا دەبینین، بەپێی بریاری پەرلەمانێکە، هەڵبژێردراوەو تەعبیر لە ئیرادەی میللەتی کورد دەکا. ئینجا ئەوانەی کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردین کەیفی خۆیانە؛ ئەوە هەقێکی ئێمەیە، بەلاّم ئێمە داوامان نەکردووە. بەلاّم ئەگەری دژی مافی کوردن، ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

دەوڵەتانی دراوسێ هەقی خۆیانە داوا بکەن و دڵنیابن لە ئایندەی وەزعی خۆیان لە ئاسایشی خۆیان، لەبەرژەوەندی خۆیان، لە دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی ئەوان، ئەمە هەمووی هەقە داوای بکەن، بەلاّم ئەگەر بیر لەوە بکەنەوەو پێیان وابێ، کە ئیتر ئەگەر لە عێراق درا، پارچە پارچە دەبێ و ئیتر هەرکەسێك بێ بەکەیفی خۆی ناوەندی هەژموونێك بۆ خۆی دادەنێ و وەکو هەر یەکێك پارووەیەك بۆ خۆی دەبات. من پێم وایە ئەمە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە، عێراق لەوە گەورەترە پارووی ئەم جۆرانەبێ، پارووی ئەم دەوڵەتانەش بێ، نە میللەتی عێراق ئەمە قبولْ دەکات و نە ئێمە وەکو کورد ئەمە قبولْ دەکەین. ئێمە وەسایەتی هیچ دەوڵەتێك قبولْ ناکەین. بەراشکاویش دەیڵێم ئێمە دەبێ ئازادبین، ئەم ئازادیە جاری وا وایکردووە دەربەدەر بووبین، ئاوارە بووبین، پەناهەندە بووبین، ساڵەهای سالْ لەژێر چادرو ئەشکەوت و لەژێر تۆپ و تەیارە ژیاوین، بەلاّم سەربەرزبووین بە کەیفی خۆمان، وەختی ویستومان بێ لەم دۆڵە بچینە ئەو دۆڵە، ئیجازەمان لەکەس وەرنەگرتووە، من نالێم ئێمە دەبێ خەرقی قانون بکەین، ئەگەر یاسایەکی عادیل هەبێ، دەبێ ئێمە هەموومان پابەندی ئەو یاسایە بین. لە چوارچێوەی یاسادا، بەلاّم بەراستی ئێمە ئامادە نەبووین زۆرداری لە حکومەتی

www.kurdistannet.org

ناوەندی قبولْ بکەین، ئێمە چۆن قبولْ دەکەین دەوڵەتێکی بیانی دراوسێ بێتن ئەو سیستەمێکی موعەیەن لەسەر ئێمە فەرز بکات.

من پێم خۆشە ئەوانە زۆرشت بزانن، ئێمە دەستی دۆستایەتی بۆ هەموولایەك درێژ دەکەین، زۆریشمان پێ خۆشە ئەوانە هەنگاوێك بێنە پێش، ئێمە (10) هەنگاو دەچینە پێش، لەبەرژەوەندی خۆشیانە داوای دۆستایەتی هەموو گەلی عێراق بکەن، هەموو گەلی کوردستان بکەن، نەوەك دۆستایەتی تاقمێکی موعەیەن بکەن؛ کە مومکینە سبەینێ بە زەرەری خۆشیان تەواو ببێ.

هەندێ جار هەرِەشەمان گوێ لێ دەبێ بە تەدەخولاتی عەسکەریەوە، پاساویش دەدۆزرێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستە چەوتە. جارێ پێش هەموو شتێك من داوا لەوانە دەکەم، کە بەزمانی هەرِەشەو بەزمانی سەربازی قسە دەکەن، با بگەرِێنەوە مێژوو، من دەڵێم (100) سالْ ئەگینا زیاتریش، بەلاْم دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، کە دنیا بە شێوەیەکی زۆر بنەرِەتی گۆرِا، و غەدرێکی گەورەش لەکورد کرا، بەلاْم 100 ساڵە ئینکاری بوونی گەلی کورد دەکەن، ئەگەر بە نکوڵی کردنی وجود چارەسەری ئەم کێشەیە کرابا، تا ئێستا تەواو دەبوو، کێشەیەك نەدەما بەناوی کێشەی کورد، کە تا ئێستا ماوە، مەعنای ئەوەیە بە ئینکاری وجود، بەنەدیتنی ماڤی ئەم گەلە،بە قبولْ نەکردنی ماڤی ئەم گەلە، مەعنای ئەوەیە ئەم کێشەیە هەر دەمێنێ بە ئەندازەکانی کە کێشەی کوردیان هەیە، با تەماشای وەزعی خۆیان بکەن، ئێ ئەم (100)ساڵەی رابردوو، چەند ملیار دۆلاری سەرف کردووە بۆ ئەوەی میللەتی کورد سەرکوت بکرێ، هەرچارەسەریش نەکراوە، چارەسەریش نابێ، ئەو هەموو ملیۆنە ناکوژرێت، مومکین نییە لەناو ناچێ، (10) نەفەر بمێنێ بەسە بۆ ئەوەی ئەمن و ئاسایشی ئەمانەش تێك بدات، فەرموو نەخۆیان ئیسراحەتیان کردووە و نەهێشتوویانە میللەتی کوردیش ئیسراحەت بکات. ئەگەر بە شێوەیەکی تر بیرکراباوە، یەکتری قبولْ بکەین، برایەتی یەکتری قبولْ بکەین، پێکەوە ژیان، 5٪ی ئەو پارەیەی بۆ وێران کردن سەرف کراوە لە ئاوەدانکردنەوە سەرف بکرابایە، ئەمرِۆ هەموو ناوچەکە بەهەشتێك دەبوو، نموونەیەك

www.kurdistannet.org

دێنین، بەڵام ئینکاری وجودی یەکتری، هیچ ئەنجامی نییە لەغەیری درێژەدان بە خوێن ڕشتن، درێژەدان بە کێشەی جۆراوجۆرو، هەر ڕۆژەی کێشەیەکی تریش دێتە پێش، لەبەر ئەوە بەڕاستی هەقە هەموو لایەك باشتر بیر بکاتەوە، چونکە زمانی هەڕەشەو کوشت و کوشتار، چارەسەر نییەو چارەسەریش ناکرێ، کوردیش دەبێ زۆر دوور بێ لە توندوتیژی.. وەختی ئەوە نەما، ئێمە ئیسپاتی وجودی خۆمان کرد، کاتی کە پێویست بوو شەڕ بکەین مەردانە شەڕمان کرد، ئێستاش سەردەم، سەردەمی دیالۆگە، سەردەمی قبوڵ کردنی یەکترییە، سەردەمی تەعەدودییەتە، سەردەمی ماڤی مرۆڤە، سەردەمی ئازادیە، ئەگینا ئەگەر سووربن لەسەر ئەوەی کە هەر بە زمانی هەڕەشەو ئەگەر یەکێك بڕیاری دابێ بمرێ لە پێناو کێشەی ڕەوای گەلەکەی، یەکێك بڕیاری دابێ بمرێ، لە هەڕەشەی کەس ناترسێ، ئەگەر ئامانج ئەوەیە دەست لەماڤ کورد هەڵگرین، مساوەمە لەسەر جێگیرەکانی نەتەوەیی کورد هەڵبگرین و مساوەمە بکەین و دەست لە داواکردنی ماڤ ڕەوای گەلی کورد هەڵبگرین، وەڵڵاهی ڕۆژی هەزار جار بمان کوژن نە مساوەمە دەکەین و نەدەستیش هەڵدەگرین.

خاڵی تر، ئێمە ئەو گەلانەی کە لە عێراق دەژین عەرەبە، کوردە، تورکمانە، ئاشوورییە، کلدانە، هەروەها چ ئەوانەی نەتەوەیی چ مەزهەبی، هەقە دیسان باشتر دیراسەتی ئەم وەزعە بکرێ، ئێمە بەکەڵکی یەکدی دێین، دەوڵەت، دەوڵەتی هەموومانەو برابین و پێکەوە بژین زۆر باشترە، هەقە ئەوەندە سادە نەبن، ببنە ئالەتی دەستی کەسانێکی تر کە ڕەنگە زۆر شارەزای تەبیعەتی دروست بوونی ئەم کۆمەڵەش نەبن، ئەم میللەتە دەمێنێ، ئەم وڵاتەش دەمێنێ، بەڵام نفوزی بێگانە نامێنێ، هەرچەند جار چەند دەوڵەتی بێگانە هاتووە چەند ئیمپراتۆر هاتووەو ڕۆیشتووە مومکینە نفوزی بۆ ماوەیەك و پاشان، بەڵام میللەتەکە دەمێنێ، لەبەر ئەوە من حەز ناکەم بە هیچ شێوەیەك ڕەفتاری وابکرێ ببێتە دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکان.

دەکرێ لەگەڵ دەوڵەتێك بەشەڕ بێی لەگەڵ دەزگای دەوڵەت بەشەڕبێی، بەڵام لەگەڵ میللەت بەشەڕهاتن ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، هەمیشە جەنابی بارزانی جەختی

www.kurdistannet.org

لەسەر ئەوە دەکرد، کە نابێ بەهیچ شێوەیەك بیکەنە شەڕی کوردو عەرەب، بەڵێ شەڕی حکومەت دەکەن، بەڵام نابێ ببێ بە شەڕی کوردو عەرەب .

ئێستاش ڕەنگە هەوڵی وا هەبێ کە فتنە دروست ببێ لەنێوان ئەو نەتەوانەی لەعێراقدا دەژین، باشترە هەتا بۆ چارەنووسی خۆیان و پاشەڕۆژی خۆیان بیر لەوەبکرێتەوە ئێمە خۆمان چ لە بەرژەوەندی خۆمان بزانین و، بۆ ئایندەی ئێمە چ باشترەو هەر کەسێك بەپێی قەبارەو بەپێی ڕێژەی خۆی بۆ نفوسی عێراق سیستەمێکی تازە دابندرێت، کە ئیتر بۆ هاووڵاتیان، پلە نەمێنێ، ئەمە هاووڵاتی دەرەجەیەکەو ئەوە دووەو ئەمە سێیە. دەبێ ئەرك ئاشکرا بێ و مافیش ئاشکرابێ.

بۆ هەموو یەکێك، ئیتر عەرەبە، کوردە، تورکمانە، ئاشوورییە، کلدانەو چییە، ئەرك و ماف ئاشکرابێ، دەبێ ئەم خەڵکە ئازاد بێ لەم وڵاتە، بەڵام ئیمتدادی بۆ سیاسەتێك لە دەرەوە، ئێمە لەکەس قبول ناکەین .

ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو زۆریش چارەنووسسازە، لەبەر ئەوە من بەو سەراحەتە قسە دەکەم، دیسان جارێکی تر من دەڵێم، ئێمە لەگەڵ ئەوەین دەستی برایەتی بۆ یەکتری درێژ بکەین، ئێمە دەبێ گیانی تەساموح قوڵتر بکەین، نەوەکو گیانی تۆڵەسەندن، لەهەمان کاتدا ئێمە دەبێ پابەند بین بە جێگیرییەکانی نەتەوەیی، کە گەیشتە ئەوە ئیتر مساوەمە مومکین نییە، بەڵێ نەرم نواندن پێویستە، حیکمەت پێویستە، عەقڵ پێویستە دوور لە توندڕۆیی، ئێمە هەموومان دژی ئەوەین، بەڵام بەڕاستی بێتە ئەوەی بڵێ نەخێر من کورد نیم، کوردستانێك نییە، وڵاتێك نییە بەناوی کوردستان، ئیتر ئەمە لەوە دەردەچێ، ئەم وەختە ژیان قیمەتی نامێنێ، مەعنایەکیش نامێنێ بۆ ژیان.

هەر گۆڕانکارییەکیش لەو بابەتانە بێتە پێش و پەیوەندی بە چارەنووسی گەلی کوردستانەوە هەبێ یا بە بڕیاری پەرلەمانەوە هەبێ، ئەوە دەبێ میللەتی کورد خۆی بڕیاری لێ بدات، واتە پەرلەمان بڕیاری لێ بدات، ئەگەر پێویست بوو ڕاپرس بکرێ،

www.kurdistannet.org

ئەگینا هیچ کەسێك و هیچ حزبێك هیچ کەس لە ئێمە مانان مافی ئەوەی نییە دەسکاری بکات و ناشتوانێ.

خالێکی تر ڕەنگە زۆر لایەن، وەکو زانیاریمان هەیە گرەویان لەسەر ئەوەیە، ئەگەر گۆڕانکاری بوو، ئیتر کورد تێك بەردەبێ و دەبێ بەشەڕێکی ناوخۆ، ئیتر ئەوان بەوە خۆشحالن، فەرموون لە ئێستاوە دەتوانم ئەو بەڵێنە بەگەلی کورد بدەم و هەروەها ئەو پەیامە بەوانە دەدەم کە بەوە دڵخۆشن، هەر وەختێ گەیشتە ئەوەی دەرفەتی ستراتیژی بۆ کورد بێتە پێش، کە چارەنووسساز بێ سەبارەت گەلی کورد، ناکۆکییەکانی ناوخۆ هەمووی بەلایەکەوە دەنێین و جەخت دەکرێتە سەر مەسەلە ستراتیژییەکان و ئایندەی میللەتی کورد، ئەو وەختە نە بەرژەوەندی حزبێك قیمەتی دەمێنێ، نە وجودی شەخسێکیش قیمەتی دەمێنێ.

لەکۆتاییدا ئومێدەوارم، کە هەر یەکێك باش بیر بکاتەوەو بڕیاری خۆی بدات، خەڵکی ئەم وڵاتە بێ و چارەنووسی خۆی بەم خاکەوە ببەستێ، دەستی دۆستایەتی بۆ دۆستەکان درێژ بکەین و بە برایەتی بژین و وڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە، کەس بە تەما نەبێ و خەریکی ئەوەبێ بەتەمای هێزێکی بێگانە یا یەکێك بێ خۆی فەرزبکات لەسەر ئەوی تر، من دەڵێم ئەم مەبدەئە مەرفوزە، ئێمە مقاوەمەی دەکەین و قبوڵی ناکەین، ناشبێ و مومکینیش نییە ببێ، ئیتر سوپاستان دەکەم و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لە خزمەتی گەل و نیشتماندا.